# کوشتنی هەل کوشتنی گەلە

## ((با نەهێڵین قووماربەکەرکووکەوە بکرێت!))



مەهاباد قەرەداغی

**جاوازی نێوان دیموکراتی و دیکتاتۆری ئەوەیە کە لە دیموکراتیدا مرۆ لە پێشدا دەنگ دەدات و ئینجا سەر بۆ فەرمان دادەنوێنێ؛ لە دیکتاتۆریدا مرۆ پێویستی بەوە نییە کات بە دەنگدانەوە بەفیرۆ بدات.**

**چارلس بۆکۆڤسکی**

### پێشەکی:

دەرفەت یان هەل بریتیە لە کات، بەڵام نەک هەر کاتێک و، نەک کاتێکی ئاسایی. دەرفەت ئەو کاتەیە کە هەموو چرکەیەکی چارەنووسسازە و، هەر بەکارهێنانێکی پۆزەتیڤ و عەقڵانی ئەو چرکانە چارەنووس بە مەیلی خۆت سازدەکات. بە پێچەوانەشەوە هەر بەکارهێنانێکی نێگەتیڤ و ناعەقڵانیش، یان هەر بەفیرۆدانێکی ساتە ئەڵماسینەکانی هەل، دەشێ بە تەواوی چارەنووس دژ بە ویست و خواست ئاراستە بکات. بە واتایەکی تر دەتوانین بڵێین کوشتنی هەلی سیاسی، جۆرێکە لە خۆکوژی سیاسی.

### کوشتنی هەل یەکسانەبە کوشتنی گەل:

سوودوەرگرتن لە هەلی سیاسی بوژاندنەوەی هیوای گەلە، پێچەوانەی ئەمەش ڕاستە، کوشتنی هەل کوشتنی هیوای گەلە. ژیرترین گرووپی سیاسی ئەو گرووپەیە کە چرکەکانی هەلی ڕەخساو دەقۆزێتەوە، بە واتایەکی تر ئەو هەلە دەپەرستێ و لە پێناوی بەرژەوەندی گەلدا بەکاری دەهێنێ. هەلپەرستی لەم پەیوەندییەدا مانایەکی نێگەتیڤ نادات وەک لە عەقڵی باوی سیاسی ئێمەدا چەسپیوە و دەستەواژەی هەلپەرست هەمیشە وەک نێگەتیڤ بەکار دەبرێت. پۆزەتیڤبوون یان نێگەتیڤبوونی دەستەواژەی "هەلپەرستی" پەیوەندی بەوەوە هەیە لە کام کۆنتێکستدا بەکار دەبرێت و، بۆ چی مەرام و کام بەرژەوەندی و چ ئامانجێک بەکار دەبرێت.

### کێ بەرپرسیارە لە "پەرستن" یان "کوشتن"ی دەرفەتی سیاسی؟

www.kurdistannet.org

هەلی سیاسی بۆ نەتەوەیەکی بندەست و ولات داگیرکراو کە بە سەدە چاوەڕێی دەرفەت دەکات و، لە سەدەیەکدا جارێ یان دوو جار دەرفەتی زێڕینی دەست دەکەوێت بۆ ئەوەی بەهرەمەندی کات بەوەی چارەی خۆی بە پێنووسی خۆی بنووسێتەوە و، بە شێوەیەکی شایستە بینووسێتەوە، پەرستنی دەرفەتی لەو جۆرە نیشانەی ژیری و پێگەیشتوویی سیاسییە و، بە پێچەوانەشەوە کوشتنی ئەو دەرفەتە، ئیدی لە گێلییەوە بێت یان لە غافڵبوونەوە، بە مەبەستەوە بێت یان بێ مەبەست و، لە نەزانییەوە بێ یان لە بێ ئیرادەییەوە، هیچ لەو ڕاستییە ناگۆڕێت کە کوشتنی هەل کوشتنی گەلە.

نەتەوەی کورد لەوەتی دابەش کراوە بێ بەش کراوە؛ لەوەتی ستەمی لێدەکرێ بۆ لابردنی سەرچاوەکانی ئەو ستەمە تێدەکۆشێ. بۆ ئەو مەبەستەش شۆڕشگەلێکی هەڵگیرساندووە و لە دەرفەتی سیاسی گەڕاوە و دەگەڕێ بۆ دروستکردنی ستاتوویەکی سیاسی و سەقامگیرکردنی ئەو ستاتووە. بەڵام ئایا چەند جار دەرفەتی دەست کەوتووە؟ ئەو هەلانەی بۆی ڕەخساون پەرستوونی یان لە کیسی داوون؟ سۆنگەی بێبایەخبوونی گروپە سیاسییەکانی کورد بەرامبەر بە هەل و نەقۆستنەوەی لە چی دایە؟

ئێمە دیاردەیەکی سیاسیمان هەیە و ناوی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کوردە و لە هەموو بەشەکانی کوردستاندا بۆ هەمان مەبەستی "ڕزگاریی" تێکۆشاوە. حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان مۆنۆپۆلی بڕیاردانی چارەنووسسازیان بەدەستەوە بووە، بۆیە هەر ئەوانیش "هەتا ئەمڕۆ" بەرپرسیارن لە ڕادە و ڕێژەی "پەرستن" یان "کوشتن"ی هەلی سیاسی ناوازە و بەهادار کە لە سەدەی ڕابروو و لە سەرەتای ئەم سەدەیەدا یەک دوو جارێک بۆ کورد ڕەخساون.

بەهۆی ئەوەشەوە کە سترکتووری حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان هەرەمی و پاتریارکین، سەرانی حیزب لە سەر لووتکەی هەرەمەکەدا ڕەپ ڕاوەستاون و بڕیاربەدەستی یەکەمن لە مەسەلە چارەنووسسازەکاندا، بۆیە بەرپرسیاری یەکەمیشن لە بەرامبەر گەل دا لە پرسی سوودوەرگرتن یان کوشتنی دەرفەتی سیاسی چارەنووسساز.

بێگومان سترکتووری هەرەمی حیزب و ڕێکخراوی سیاسی، کە لەسەر بناغەی سیستەمی پاتریارکی بنیات نراوە ، ستركتوورێکی ناهەوچەرخ و سوواوە و، بۆ ئەمڕۆ دەبێت بە نەنگییەکی گەورەی بزانین. حیزبگەلی لەو جۆرە کە دەبن بە دەسەڵات، دەزگای بڕیاردان قۆرخ دەکەن و لە بازنەیەکی تەسکی سەرووی هەرەمەکەدا، دوور لە دەنگی جەماوەر و دەستی گروپی ڕووناکبیر و بیرکەرەوە، دایدەنێن. مۆنۆپۆلی پەرستنی هەل یان کوشتنی هەل دەکەوێتە دەستی ئەوان و، ئەوانیش بەو پێیەی کە پێکنەهاتوون لە هەموو جومگەکانی هێزی بڕیاردەر و تەنها یەک ئەڵقەن لە سێ ئەڵقەی هێز، ڕادەی ژیری و دانایی سیاسییان سنووردارە و، لە ئاکامیشدا دەرفەتی سیاسی چارەنووسساز بە دەستیانەوە دەمرێ. لێرەدا بۆیە وشەی "دەمرێ" بەکار دەبەم و ناڵێم "دەرفەت دەکوژن"، چونکە لەدەستدانی دەرفەت لە لایەن گروپی سیاسی کوردەوە هەموو کاتێک ناچێتە خانەی ئەنقەستەوە، بەڵکە لە زۆربەی کاتدا بەهۆی سنوورداربوونی ژیریی سیاسییەوە بووە لای سیاسەتمەداران.

www.kurdistannet.org

له دۆخێکی ئاسایی و کەشێکی سیاسی تەندروستدا، کە تەنها بە گریمان دەتوانین دۆخی وا دەستنیشان بکەین و بلێین گریمان کەشی سیاسی کورد تەندروست بێ و سترکتووری حیزبەکانی کوردستان ئاسایی و هاوچەرخ بن و، دەزگای بڕیاردانی سیاسی هەرەمی نەبێت، لەم دۆخە سروشتیی و تەندروستەدا ئەوانەی کە بەرپرسیار دەبن لە سوودوەرگرتن یان بەفیڕۆدانی دەرفەت بریتی دەبن لە:

یەکەم: سەرکردایەتی کورد، کە سیمای شۆڕشی کورد دەنوێنن و لە بەردەم دنیادا ئەوان چاو و زمان و گوێی ئەو گەلەن و، لە جیاتیان دەبینن و دەبیستن و قسەدەکەن.

دووەم: ڕووناکبیرانی کورد، کە (دەبێ)عەقڵی شۆڕشی کورد بن و ، ڕۆڵی ڕۆشنکەرەوەی بەرچاوی سەرانی کورد ببینن و، گوێی ئەوان بە بیری نوێ و ناوازە سیخناخ بکەن و زمانی ئەوان ئاراستە بکەن بۆ بەکارهێنانی وتارێکی سیاسی کە لەگەڵ خواست و ویستی گەلدا تەبا و کۆک و، لەگەڵ ڕەوتی سیاسەتی جیهانیشدا هاوچەرخ بێ.

سێیەم: گەل، کە پێویستە نەک تەنها ڕۆڵی قوربانی و سووتەمەنی شۆڕش بگێڕێت، بەڵکە داخوازیکاریش بێت و لە مافەکانی خۆی بکۆڵێتەوە و سازشیان لەسەر نەکات. ئەم داخوازییانە نەک تەنها لە داگیرکەرەکانی بێت، بەڵکە لە سەرانی بزووتنەوەکەی خۆیشی بێت.

"ئەم پۆلێنکردنەوەی سەرەوە بە مانای ئەوە نییە ڕۆڵی جەماوەر لاوەکیتر بێت لە هی ڕووناکبیران و هی ڕووناکبیرانیش لە سیاسەتمەداران، بەڵکە هەر یەک لە ڕۆڵی ئەو سێ لایەنە سەرەکی و کاران."

سەرکردەی سیاسی، ڕووناکبیران و گەل سێ جومگەی سەرەکی یەک هێزن تەنها بە پەیوەستبوون بە یەکتری و پەیوەندییەکی هاوسەنگ لەگەڵ یەکتردا دەتوانن ئەو ڕۆڵانەی کە هەیانە و لەسەرەوە ناوبران بە شێوەیەکی سروشتی ببینن و، لە دەرفەتەکان سوود وەربگرن و بە دەستکەوتەکانی بەهرەمەند بن. لە دۆخی ناپەیوەستبوون و ناپەیوەندبوون و ناهاوسەنگیدا، یان لە لاسەنگی هەر یەک لە جومگەکانی ئەو هێزە لە بەرامبەر جومگەکانی تریدا، لێکترازان و لێکدابڕان ڕوودەدات و دەبێتە سۆنگەی بێهێزی و لە ئاکامیشدا مرداربوونەوەی دەرفەتە بەدەستهاتووەکان.

ئەوەی لەسەر زەمینی واقیعی باشووری کوردستاندا دەبینرێ ناهاوسەنگیی ئەم سێ جومگەی هێزەیە لەگەڵ یەکتردا. هێزی یەکەم، واتە سەرکردایەتی کورد لە ئاکامی بەکارهێنانی سیاسەتێکدا کە گومانی تێدا نییە تەنانەت لە ئاستی بەرژەوەندی تایبەتی حیزبی خۆشیان زیانمەندبوون تێیدا، جومگەی دووەم و سێیەمیان فەرامۆش کردووە و لە خۆیانیان ترازاندووەو، بۆ خۆشیان بە تەنها نە توانیوویانە و نە دەتوانن "وەک پێویست" سوود لە دەرفەتە سیاسییەکان وەربگرن، چونکە بە بێ ئەو دوو جومگەیەی تر ناتەواو و کەمئەندامن. بێگومان حیزبی کەمئەندام کارامەیی سنووردارە و ناکارێ هەل لە پێناوی گەل بقۆزێتەوە.

**دوو دەرفەتی دەگمەن:**



www.kurdistannet.org

سەد ساڵی ڕابردوو شانۆی گەلێ نەهامەتی سیاسی و کارەساتی گەورە بوو بۆ کورد. لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا لەت لەت کردنی کوردستان بوو بە واقیعێکی تاڵ و ، بەدرێژایی ئەو سەد ساڵە لە خەباتدا بوو بۆ ڕزگاری و لە کەمیندا بوو بۆ دەرفەتی ڕزگاربوون لە چارەنووسی ژێردەستی. لە کۆتاییەکەیدا "خۆشبەختانە" بەهۆی سیاسەتێکی زێدەگێلانەی دیکتاتۆری بەغداوە، کوردی باشووری کوردستان هەلێکی دانسقە و ناوازەی بۆ ڕزگاربوون بۆ ڕەخسا. دەرفەتی لێدانی سوپا و دەوڵەتی عێراق و ڕژێمەکەی و لاوازکردنی لە لایەن زلهێزێکی وەک ئەمریکا و هاوپەیمانانی لە سۆنگەی ڕزگارکردنی کوەیت کە ڕژێم و سوپای عێراق لە 2 ی ئاوگوستی ساڵی 1990دا داگیری کردبوو. لەم دەرفەتەدا کورد بە بەشداری هەرسێ جومگەکانی هێزی خۆیەوە توانی تا ڕادەیەکی باش ئەو هەلە بقۆزێتەوە و بەهرەی لێ وەربگرێت و بیکات بە بناغەی ئەو ستاتووە سیاسییەی کە ئەمڕۆ لە شێوەی قەوارەیەکی سیاسی کە وێنەی دەوڵەتێکی دیفاکتۆ دەداتە بەرچاو، لە باشووری کوردستاندا هەبێت. هەر ئەم قەوارە دیفاکتۆیەیە کە دەکرێت لە دەرفەتی سیاسی تردا بکرێت بە واقیعێکی چەسپاو و دەوڵەتێکی سەربەخۆ.

هۆی سوودوەرگرتنی کورد لەو دەرفەتە و ڕاپەڕینی مەزنی بەهاری 1991 هاوسەنگی و پەیوەندی توندوتۆڵی نێوان هەر سێ جومگەی هێزی کورد بوو، بەڵام خودی ئەو هاوسەنگی و پەیوەندییەش لە بەرنامەیەکی پێشوەخت بۆداڕێژراوەوە سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکە ڕێکەوتی سیاسی و پێویستی دەستبەجێی ئازادی ئەو پەیوەندییەی دروست کرد و ڕاپەڕینی تۆمار کرد.
ئەو پەیوەندی و هاوسەنگییە دەکرا چوون وانەیەکی سیاسی ئەو هۆشیارییەی لای سەرانی کورد دروستکردبا کە پێکەوەگرێدانی ئەو سێ جومگەی هێزە چەند گرنگ و ژیانیین بۆ بزوتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد و، بۆ کۆمەڵگەی کورد و بۆ خودی حیزب و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان. لێ مەخابن وەک دەیان پەندی سوودلێوەرنەگیراو، ڕامانێکی لای ئەوان دروست نەکرد و لە ماوەیەکی کەمدا جومگەکان لەیەکتر ترازێنران و، دوواتریش شەڕی ناوخۆیی دەماری ناو جومگەکانیشی لە یەکتر ترازان و هەتا ئەم ساتەش ئەو جومگانە و دەمارەکانی ناو ئەو جومگانە هەر لێکترازاوون. هەنووکە ئەو جومگە لێکترازاوانە کلتوورێکی سیاسی وایان داسەپاندووە کە لە فەرهەنگی سیاسەتدا جێگەی نابێتەوە. بۆ نموونە: دابڕاندنی شوێن لە شوێن، دابڕینی سلێمانی لە هەولێر بە هۆی هەبوونی دوو ئیدارە لە جێگەی یەک ئیدارە، کە دروست وای لێکراوە لە دوو مەملەکەتی بچووک و بێهێز بچن کە کلتوور و داب و نەریتی سیاسییان لە یەکتر جیاوازو، بەکارهێنانی زمانیان فەرقی هەبێ و، جیاواز گوزارە لە دەستەواژەکان بکەن و، پێناسەی جیاوازیان هەبێ بۆ دیاردەکان و تەنانەت هەڵوێستی سیاسیشیان بەرامبەر بە ڕووداوە سیاسییە چارەنووسسازەکان جیاواز بێ. بۆ نموونە:
- لە سلێمانی بە مێینە دەوترێ ژن، لە هەولێر پێی دەوترێ ئافرەت. تۆ وەکو میوانی ئەم دوو مەملەکەتە بۆ ئەوەی هاوسەنگی بپارێزی چەند جار گووتووتە ژن پێویستە ئەوەندە جاریش بڵێی ئافرەت تا قبول بکرێیت.

- له سلێمانی خوێندکار له بەرامبەر قوتابی هەولێر بەکار دەبرێت. قوتابییەکی میوان کە دەچێتە هەر یەک لەم دوو مەملەکەتە پێویستە هەندێ جار بە خۆی بڵێ قوتابی و هەندێ جاریش خوێندکار، تا قبوڵ بکرێت و قسەکانی لێ وەربگیرێ.

- لە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سلێمانی بۆ ڕێزلێنانی کەسایەتێک دەوترێ بەڕێز، کەچی ئەم دەستەواژەیە لە هەولێر دەبێت بە ڕێزدار. ئەگەرچی ئەم دوو دەستەواژەیە لە فەرهەنگی زمانەوانیدا هاوواتان، بەڵام لە فەرهەنگی سیاسی ئەم دەڤەرەدا تەنها بۆ جیاکردنەوە بەکاردەبرێن.

- لە میرنشینی سلێمانی ئاڵای عێراق لە پاڵ ئاڵای کوردستاندا لەسەر هەموو دامودەزگایەکدا دەشەکێتەوە، لە میرنشینی هەولێردا تەنها ئاڵای کوردستان دەشەکێتەوە. بێگومان کەسێکی بێلایەن ئاواتی ئەوە دەخوازێت لەم سەر تا ئەوسەری کوردستان تەنها ئاڵای کوردستانی تێدا بشەکێتەوە و، خۆزگە ئەو کلتووره سیاسییە نالۆژیکییە ئەو جیاوازییەی نەسەپاندبا کە تەنها لەبەر جیاوازی ئاڵای نامۆی عێراق لە بەشێکی کوردستاندا بشەکێتەوە و بە شەکاندنەوەی ئەو ئاڵایە مەینەتییەکان و زیندان و هەڵەبجە و ئەنفالمان بیر بخاتەوە.

- هەڵوێستی سیاسی دەسەڵاتدارانی سلێمانی و هەولێر لە مەڕ کوردستانی بوونی کەرکووک، تەعریب، نیشتەجێکردنەوەی ئاوارەکانی کەرکوک ئەگەر لە کردەوەشدا کەمێ وەک یەک بن، لە تیۆریدا زۆر جیاوازن. ئەم جیاوازییە لە هەموو جیاوازییەکانی تر ترسناکترە و، ئاکامەکەشی مەخابن هێندە چارەنووسسازە کە ئەوپەڕی نیگەرانمان دەکات.

ئەم نموونانەی سەرەوە ناواقیعی نین و کۆنیش نین، بەڵکە بەڵگەگەلێکن بە چەوانی خۆم بینیوومن و بە هەستەکانی خۆم هەستم پێ کردوون و دەرکم پێ کردوون (لە ماوەی دوو مانگی سەردان و گەڕان بە شار بە شاری کوردستان و سەرنجدان و پرسیارکردن و لێدوان و چاوەدێری کردنی دیاردە و بابەتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان).

www.kurdistannet.org

من لەم نموونە ورد و درشتانەدا لێکترازانی جومگەکان لە یەکتری و بچڕانی دەمارەکانی ناو ئەو جومگانەش دەبینم. ئەم لێک ترازانەیە کە نەیهێشت و ناهێڵێ گەلی کورد لە دەرفەتی دووەم سوود وەربگرێت کە بە ڕووخانی ڕژێمی دیکتاتۆری عێراق بە دەست هات. دەرفەتی هەرە گرنگی کورد لە باشووری کوردستاندا لە ساتی ڕووخانی ئەو ڕژێمەوە دەستی پێکرد، بەڵام دەبووایە پێشتر بەرنامەی ئامادە بۆ چۆنێتی قۆستنەوەی ئەو هەلە لە بەرژەوەندی گشتی کورد لە لایەن حیزبە سیاسییەکانی کورد و بە تایبەتیش پارتی و یەکێتی کە سیمای سیاسی کورد پێکدەهێنن، داڕێژراو بووایە. دەبوو سەرانی ئەم دوو حیزبە خاوەنی ڕووانگەیەکی قووڵی سیاسی بوونایە و، لەو ڕووانگەیەوە لای کەم ساڵێ پێش ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە عێراق، پێشبینی ئەوەیان کردبا کە ساڵی داهاتوو چی ڕوودەدات و بەرنامەی ئەوان چی بێت دوای ئەو گۆڕانکارییە پێشبینیکراوە. وینستۆن چەرچل دەڵێت: " **ژیری سیاسی ئەوەیە کە پێشبینی بکەی سبەینێ، هەفتەی داهاتوو، مانگی داهاتوو، ساڵی داهاتوو چی ڕوو دەدات. دوایش ڕوونی بکەیتەوە بۆچی ئەو شتانە ڕوویان نەدا.**" مەخابن ئەو ئەنجامانەی کە ئێستا دەیبینین ئەوەمان بۆ دەسەلمێنن کە قەیرانی ڕووانگەی سیاسی لە ئارادایە. درەنگدەستی کورد و بزربی ئەو ڕووانگەیە وا دەکات بە لای دەرفەتەکاندا تێپەڕن و سوودی پێویستی لێ وەرنەگرن، هەندێ جاریش بە تەواوی ئەو دەرفەتە بکوژن.

**با نەهێڵین قووماربە کەرکووکەوە بکرێت!**

بە ڕووخاندنی ڕژێم، بازێرە لە کوردستان دابڕاوەکان ئازادبوون و هاتنەوە ئامێزی کوردستان. لە ناو ئەو بارێزانەشدا کەرکووک کە کرۆکی کێشەی کوردی پێکهێناوە، ئازاد بوو، بەڵام ئامێزی کوردستانی بۆ ئامادەنەکرابوو. ئەو بازێرە بەڵگەنەویستە کە لەناو جەرگی جوگرافیای کوردستاندا جێدەگرێت، کەچی ئەمڕۆ بە ناوی گەمەی سەرژمێرییەوە قومار لەسەر کوردستانیبوون یان نەبوونییەوە دەکرێت. سەرژمێرییەک کە دوای زیاتر لە 35 ساڵی سیاسەتی شۆڤینییانەی بەعس و تەعریبکردن بکرێت، جگە لە قومارێک کە لە ئێستاوە دیارە کوردی تێدا دەدۆڕێ، چی دیکە نییە. جوگرافیا و مێژوو پێوەری کوردستانیبوونی کەرکووکن نەک سەرژمێرییەکی دوای نزیکەی نیوسەدە شێواندنی دیموگرافیا و گۆڕینی ئیتنیکی لە کەرکووکدا.

جێگەی سەرسوڕمانە سەرانی کورد یاسای کاتی دەوڵەتی عێراق ئیمزا بکەن لە کاتێکدا دژەوتاری وای تێدایە کە لە جێیەکیدا تەعریب مەحکووم دەکات و لە جێیەکی تریدا ڕەوایەتی دەداتێ و بەردەوامی بەو سیاسەتە دەدات.

جێگەی سەرسوڕمانە کە سەرانی کورد سەرژمێری قبوڵ بکەن و بیشیکەن بە سەنگی پێوانی کوردستانیبوون یان نەبوونی کەرکووک، پێش ئەوەی عارەبی هاوردە برابێتەوە و، کوردی دەرکراو هێنرابێتەوە جێگای خۆی.

هەموو شتێ وەک ڕەوتێکی ئاسایی و سروشتی دەبێت بۆ پێشەوە بچێت و بێگوومان سیاسەتیش هەر وا. جێگەی سەرسوڕمانە لە مەڕ پرسی کوردستانیبوونی کەرکووک سەرکردەیەکی کورد پێش زیاتر لە 30 ساڵێک وتبێتی "کەرکووک ئەگەر یەک کوردیشی تێدا نەژی هەر کوردستانە" و پشتی بە پێوەر و فاکتەری مێژوو و جوگرافیا بەستبێت بۆ ئەم وتەیەی، کەچی ئەمڕۆ بێین بە سەرژمێری ڕازی بین و پێمان وابێت ئەگەر ڕێژەی کورد لە کەرکووکدا کەم بێت مانای ئەوەیە کەرکووک کوردستان نییە. ئاخۆ لۆژیکی سیاسەت ئەم پاشکەوتنە چۆن قبوڵ بکات و، چ پێناسەیەک دەشێ بۆ ئەم دۆخە ناعەقڵانییە و، چۆن دەبێت جومگەکانی تری هێزی کورد، ڕووناکبیران و جەماوەری کوردستان بهێڵین جومگەی یەکەمی هێز هێندە سەرەڕۆ بێت قومار بە کرۆکی کێشەی کوردەوە بکات و کوردستانیبوونی کەرکووک بخاتە ناو مەرج و گرەوی سەرژمێرییەوە کە لە ئێستاوە لە ئاکامەکەی دڵنیاین کە دۆڕاندنیەتی. گریمان سلێمانی یان هەولێر یان دهۆک بە دەردی کەرکووک ببرێت و وای لێ بکرێت یەک کوردی تیا نەژی، ئایا ئەم شارانە لە جوگرافیای کوردستان دەردەچن؟!

دەبا نەهێڵین گەمەی سەرژمێری سەربگرێ لەم بارودۆخەدا کە تەعریب وەک خۆیەتی و هیچی بۆ نەکراوە، کە ئاوارەکانی کەرکووک هەلومەرجی ژیانێکی تەندروستیان بۆ دابین نەکراوە بۆ گەڕانەوە، کە برێکی زۆری خەڵکی کەرکووک لە ژێر ڕەشماڵی ئاوارەییدا لەناو شاری خۆیاندا ئاوارەن.

بە پێی ئامار و زانیاری کورد خۆی ئێستا ڕێژەی کورد لە خوار 40%ەوەیە. زەوی و زار و موڵک و خانووبەرە لە کەرکووکدا نزیک لە 70%ی هی تورکمانەکانە، واتە لە لایەن ئەوانەوە"تورکیا"وە کڕدراوە بۆیان. شێتییە کورد لەم هەل و مەرجە دژوارەدا کە لەبەر بێ بەرنامەیی و سوودوەرنەگرتنی لە دەرفەتەکان دەیان گۆڵی سیاسی لەم جۆرەی لێ کراوە، قایل بێت بەوەی گۆڵی فینالیشی لێ بکرێت و سەرژمێری بکرێت و کوردستانیبوونی کەرکووک بەو سەرژمێرییە بسەلمێنێت.

www.kurdistannet.org

تکایە با نەهێڵین کوردستانیبوونی کەرکووک بخرێتە قوماری سەرژمێرییەوە، بۆ ئەوەی لەدەستی نەدەین. دۆڕاندنی کەرکووک پێوەری ئەو ڕاستییە دەبێت کە هەڵی سیاسی نەپەرستراوە، بەڵکە کوژراوە. کوشتنی هەلیش کوشتنی گەلە.

...

2004/08/08

ستۆکهۆڵم

www.kurdistannet.org

KURDISTAN NET
کوردستان نێت
www.kurdistannet.org

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org

www.kurdistannet.org